# کامیان خراپن..؟

**ئاری عوسمان خەیات**
arikhayat@yahoo.com



ماوەیەکە قسەیەك بۆتە باو لە نێو خەڵکیدا، ڕاستییەکەی ئەو قسەیە کە بەرهەمهێنراوی خودی دەسەڵاتە (گوایە خراپی و گەندەڵی دەسەڵات هۆکارەکەی خەڵکییە، چونکە دەسەڵاتی گەندەڵ لە خەڵکی گەندەڵەوە سەرچاوە دەگرێت..) خەریکە زۆرینەی خەڵکە عەوام و ڕەشوڕووتەکەش دەگرێتەوە، بەڵام خەفەتی گەورە ئەوەیە هەندێك (ماستاوچی) و جەماعەتی (ئەشتەنومبیلا)یش لە نێوەندە بەناو سەقافییەشدا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، یان ڕاستتر بڵێم، وەك دڵسۆزترین نوێنەری دەسەڵات و حکومەت خۆیان بەیان دەکەن و ئەو قسەیە دەڵێن و دەیڵێنەوە.. بۆیشیان بکرێ لێرە و لەوێ بە نووسین و بابەت و شتی لەو بارەیەوە، بڵاویدەکەنەوە و بەسەریشیاندا تێدەپەڕێ، چونکە ناشوکوری نەبێت ڕۆژنامە زۆرە و خوێنەریش کەم.. بە مانایەکی تر، ئەویان زۆرە و کەس نییە بیخوێنێتەوە، بۆیە قانیع گوتەنی (حەشری نێرەکەرە..).

ئەدی ڕاستە خەڵك گەندەڵە، بۆیەکە حکومەت و دەسەڵات گەندەڵن؟ ئایا ئەم پاساوە بۆ ئیفلیجبوونی دەسەڵاتێك لە ئاست جێبەجێکردنی داواکانی هاوڵاتیان و غەرقبوونی لە نێو بەحری هەرە بەرینی گەندەڵی و (کلاوات)دا، گونجاوە؟ پرسیاری دیکەش..

ئەوەنەی من تێفکرینم بڕی تێبا، دەڵێم: لەکاتێکدا دەسەڵاتی ئێمە، ئەگەر هەمیشە و ژێراوژێر وەك (مێگەل)ی لە کۆمەڵگە و خەڵکی ڕوانیوە، ئەدی بە چ لۆژیکێك ڕێگەی بەخۆداوە تا بوێرێ بتوانێ گەندەڵبوونی خۆی بخاتە ئەستۆی خەڵکەوە..؟ ئەمە گوتارێکە تا ئەوپەری مەترسی جێگەی گومانە و بۆخۆیشی کوشندەیە، چونکە ئاماژەیەگە بۆ ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە ئامادەگی گۆڕانی تێدا نییە و لە ئاست بیرکردنەوەدا دەستەپاچەیە، هەر کاتێك دەسەڵات تووشی ئیفلیجی بیرکردنەوە بێت، ئیتر چاوەڕوانی گۆڕانی لێناکرێت، چونکە هەمیشە بیرکردنەوە وەکو یەکێك لە ئاستەکانی تێگەیشتن و گەیشتنە بە حەقیقەت و پاشگەزبوونەوە. پاشگەزبوونەوە بەو مانایەی کە مرۆڤ ئەتوانێ لە ڕێگەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی دیاردەکان و خوێندنەوەی دەرهاوێشتەکانیانەوە، لە ڕەفتار و هەڵوێست و بڕیارە نابەجێکانی پێشترییەوە پاشگەزبێتەوە و دان بە حەقیقەتێکی تردا بنێت، حەقیقەتێك کە ئەکرێ لە ڕێگەیەوە خزمەت بە بەها مرۆییەکان بکرێت، نەك وەك ئەوەی ئێستە لە نێو دەسەڵاتی کوردیدا بەدی دەکرێت.. ئەگەر میللەت مێگەلە، ئەدی نەماندیوە چاوەڕێی ئەوە لە مێگەل بکرێ، تا خۆی بە خۆی بە دڵ و خواستی (شوان)ەکەی ڕێچکە ببەستێ، هەتا ئەوەی خودی (شوان)ەکە هەوڵی ڕاهێنان کۆمەکپێکردنیان نەدات.. ئەوەی لەو بۆچوونەدا دیارە ئەگەر نەچێتە قاوخی خەیاڵ و شیمانەکردنەوە، ئەوا دواجار ئاماژەیەکی جوانە لەوەی چۆن چۆنی دەسەڵاتی چەند ساڵەی ئێمەی کورد، لەوەها قەیرانیکدا، لەهەمبەر کۆمەڵگە ژیان دەکا و ئامادەش نییە، بۆ ساتێك چییە پیاچوونەوەی قووڵ، نەك ڕووکەشانە بە خۆیدا بکات و هەنگاو لەسەر ڕێگای جیاواز تر بگرێتە بەر..

ئەدی ئەو دەسەڵات سیستم و حکومەتانەی لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بەرقەران، ئاخۆ هەموو ئەوانە پێشتر لە میللەتێکی عەیار 24 و بێخەوشەوە هاتوونەتە گۆڕێ؟ یان ئەوە هێز و قودرەتی خودی تاکە تاکەی ئینسانەکانە، لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، کاتێك دەگاتە دەسەڵات، دەتوانێ ئەوەی ئەرکی دەسەڵات و خزمەتکردن، وەك ئەرکێکی ئەخلاقی بۆی دیاری دەکات، پێشکێشی بکاتن و ئەوکاتیش لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵدا دەکەوێتە سەر هێڵێکی گشتی بەرەو کرانەوە و خزمەتبەیەککردن.. ڕاستە دەبێ خەڵکی هاوکاری دەسەڵات بن، بەڵام ئەگەر خەڵکێك چەوت و چەوێڵ بێت (بەو مانایەی کە ئێستا خەریکە دەبێتە مەفهومێکی باو بەسەر زمانی ئەم و ئەووەوە) ئەوا ئەرکی دەسەڵاتە و بەس، کە هەنگاوی یەکەم

بهاوێت، تا ڕێگای چارەسەرکردن بدۆزێتەوەو ئەوکاتیش هەقی گللەیی دەدرێتێ، ئەگەر هاتوو وەك پێویست هاوکاری و کۆمەکی پێنەکرا..

بەڵام گرفتەکەی ئێمە لەوێندەرێوە دەست پێدەکات، کە دەبینین زۆرینەی ئەوانەی دەگەنە نێوەندە گرنگەکانی بڕیاردان و دەسەڵات، کۆمەڵێکن لە خەڵکی نەفام لە ئاست ئەرکە ئەخلاقییە ڕاستەقینەکانی خۆیاندا، کە بڕیاربەدەستیش دەبن، چونکە توانای بیرکردنەوەیان لە خۆیاندا کوشتووە و هەوڵی زیندووبوونەوەشی لەگەڵ نادەن، بۆیە هەمیشە ناتوانن بیربکەنەوە و بەو جۆرەش کە هاتوون، درێژە بە ڕەفتارەکانی خۆیان دەدەن و بە خۆیشیان چاك دەزانن، کە چ بودڵە و گرگن و گەندەڵێکن، ئەنجایش ئەو باگراوەندە دەروونییەش کە لەناو کۆمەڵگەوە لەگەڵ خۆیاندا دەیبەنە سەر کورسییەکانیان، ناچار دەیانخاتە سەر ئەو بیرەی کە (مادامەکێ ئەمان کوڕی کۆمەڵن و لەوێندەرەوە هەڵقولاون، کەواتە خراپی خۆیان هی خۆیان نییە، بەڵکو هی هەمووومانە).. ئەم دنیابینی و سایکۆلۆژییەتی زۆرینەی ئەوانەیە، کە ئەمڕۆ کاربەدەست و خاوەن بڕیارن..

دەبێ ئەوانە خۆیان چاك بکەن.. هەتا کۆمەڵیش چاکەیان لەهەمبەر بکات.. ئەگینا هەتا دەسەڵات نەتوانێ ژیانی هەمەلایەنەی تاکە تاکەی ئەم خەڵکە دابین بکات، ئەوا دەبێ ئیشی ئەوان لە تۆمەتبارکردن تێنەپەڕێ و کۆمەڵگەش هەر بسووتێ و هەڵقرچێ!